# ناسناوی پاشاکانی بنەماڵەی سەرجۆنی

**جزا شۆرش حمه شريف[1]، يوسف باقي عبدالقادر[2]**

[1] بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانسەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی مێژوو، کۆلێجی زانسەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە –** ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری نوێ یەکێکە لەو ئیمپراتۆریەتی بەهێزانەی کە لە ناوچەکانی باکوری میزۆپۆتامیادا دامەزرا، دواتر پەلیهاویشت بۆ ناوچەکانی تری وڵات بە جۆرێک کە لە هەندێ کاتدا وڵاتی بابل و عیلام و ئورراتو و شام و مصری بەدەستەوە بووە، سەردەمی ئاشوری نوی لە ڕووی مێژوویەوە دابەش کراوە بۆ دوو سەردەم: ئیمپراتۆرییەتی یەکەم کە ماوەکەی لە (٩١١-٧٤٥)پ.ز خایاندووە، سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی دووەم (٧٤٥-٦١٢) پ.ز ، لەم سەردەمەدا چەندین پاشای بەهێز فەرمانڕەواییان کردووە بەتایبەتیش لە دوای وەرگرتنی تەختی فەرمانڕەوایی وڵاتی ئاشور لەلایەن سەرجۆنی دووەم دامەزراندنی بنەماڵەی سەرجۆنی، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر ناسناوی ئەو پاشایانەی کە لە بنەماڵەی سەرجۆنی فەرمانڕەواییان کردووە هەریەک لە (سەرجۆن و سنحاریب و ئەسەرحەدوون و ئاشوربانیپاڵ) مان وەک نمونە وەرگردتووە تا لە ڕێگەیەوە هێز و دەسەڵات و فراوانی قەڵەمڕەویەکەیان دیاری بکەین.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ناسناوی پاشاکانی بنەماڵەی سەرجۆنی،( لە دەروازە و دوو باس و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە دەروازەکە باسێکی ناوی ئاشورییەکان و شوێنی جوگرافی دەوڵەتی ئاشوری و بنەچەی ئاشورییەکان دەکەین، لە باسی یەکەم بەکورتی باسی دروستبونی دەوڵەتی ئاشوری نوێ و ئیمپراتۆریەتی دووەمی ئاشوری (745-611) پ.ز و بنەماڵەی سەرجۆنی لەگەڵ پاشا سەرجۆنی دووەم و سنحاریبی کوڕی و ناسناوەکانیان دەکەین، لە باسی دووەم باسی هەریەک لە ئەسەرحەدوون و ئاشور بانیپاڵ و ناسناوەکانیان دەکەین.

**کلیە ووشەکان–** ئاشوریەکان،ئیمپراتۆریەتی دووەم، ناسناوی پاشاکان، بنەماڵەی سەرجۆنی، سەرجۆن.

## دەروازە

### ناوی ئاشورییەکان

شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاشورییەکان لە باکوری عێراق (میزۆپۆتامیا) بە وڵاتی ئاشور ناسراوە، هەروەها خواوەندەی نەتەوەیان بە خواوەند ئاشور ناودەبرێت، بەڵام لە ڕاستیدا بنەچەی ئەم ناوە نازانین ئایا لەسەرەتا بە وڵاتەکە وتراوە یان بە خواوەندی نەتەوەییان وتراو؟ (حبيب، ١٩٨٦، ص٥)، ناوی ئاشور بە ڕێنوسە کۆنەکە بە شێوەی ئا-ئوسار (A-usar) نوسراوە، لەوانەیە شێوازی نوسینی هێمایی (رمزی) سۆمەری بێت، بەڵام ڕێنوسە باوەکەی بە شێوەی ئا-شور (A-šur) ئەنوسرا کە لەگەڵ پاشگری (Ki) نوسراوە کە هێمایە بۆ شار(باقر، ٢٠٠٩، ص٥١٧)، لە نوسینێکی سەرجۆنی ئەکەدی (٢٣٣٤-٢٢٧٩)پ.ز کە بە جوگرافیای سەرجۆن ناسراوە بە شێوەی ئاش-شور (Aš-šurki) نوسراوە (Grayson,1974, p.59)، لە سەردەمی ئاشوری کۆن ناوی شارەکە بەم شێوانە نوسراوە ئا-شو-ور (A šu-urki) و ئا-شور (A-Curki) یان ئا-شیر (A-širki) ، لە سەردەمی شەمشی ئەدەدی یەکەم (١٨١١-١٧٨٢) پ.ز بە شێوازەکانی ئاو-سار (Au-sar) لە هەندێ نوسینی تری ئەم پاشایە بە شێوەی ئاشو-ور(Ašu-urki) یان ئا-شور (A-šurki) لەگەڵ پاشگری (ki) ، لە نوسینەکانی سەردەمی پاشا ئاشور ناوی هاتووە (على، ١٩٨٣، ص١٦)، لە نوسینەکانی ابلا بە شێوەی ئا -شور (A-šurki) نوسراوە (حبيب، ١٩٨٦، ص٦)، لە سەردەمی ئاشوری نوی (٩١١-٦١٢)پ.ز پیتێکی (ش) زیادکرا بۆ ناوی ئاشورییەکان و بەم شێوەیە ناوەکەیان دەنوسی لەگەڵ پاشگری (ki) ئاش-شور (Aš-šurki) ، هەر لەم سەردەمە ئەگەر ناوی وڵاتی ئاشوریان بنوسیایە پێشگری مات (Mat) بۆ لای ناوەکە زیاد دەکرد لەگەڵ پاشگری (Ki) بەم شێوەیە (Mat-Aš- šurki)، لە سەرچاوە ئارامیەکانیشدا بە (اثور)یان (افور) ناوی هاتووە (باقر، ٢٠٠٩، ص٥١٧).

### شوێنی جوگرافی

شوێنی جوگرافی وڵاتی ئاشور بە پێی سەردەم و بەهێزی و لاوازی فەرمانڕەواکان دەگۆڕێت ، لە سەرچاوە مێژوویەکان وڵاتی ئاشور ناوەندەکەی ئەو زەویانیە دەگرێتەوە کە لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە درێژ دەبێتەوە لە نێوان ڕووباری زێی گەورە و زێی بچوک (کانجیک و کیر شباوم، ٢٠٠٨ ،ص١٠)، سنوری باکوری لە باکوری موصڵ دەست پێدەکات چیا ودەشتەکان دەگرێتەوە، لە باشورەوە درێژ دەبێتەوە تا دوری نزیکە (١٣٠) میل باکوری ڕۆژئاوای شاری بەغداد(ساکز، ٢٠٠٨، ص٨)، لەو هەرێمەی کە ڕووباری دیجلە چیای مەکحولەوە تێدەپەڕێنێت ئەم چیایە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە چیای حمرینیش دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە، ڕووباری دیجلە وڵاتی ئاشور دەکات بە دوو بەشەوە لە ڕۆژئاوایەوە دەشتێکی فراون هەیە کە بە دەشتی جەزیرە ناسراوە ئەم دەشتە لە ڕۆژئاواوە تا

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 1(2025) ؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n1y2025.pp95-103
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 26 أيلول 2024؛ قُبل في 3 تشرين الثاني 2024؛ نُشرت في 2 شباط 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: yousif.abdulqadr@uoh.edu.iq, Jaza.hamasharif@ univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 جزا شۆرش حمه شريف، يوسف باقي عبدالقادر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری خابور درێژ دەبێتەوە لە سوریا، لە باکورەوە ئەم دەشتە بە چیای شەنگال کۆتایی دێت(ساکز، ١٩٩٩، ص١٤)، ئەگەر واز لە فراوانیی مەملەکەتی ئاشورییەکان بێنین ئەتوانی بڵێین وڵاتی ئاشور بە گشتی لە چوارچێوەی شارەکانی (نەینەوا و ئاشور و ئەربێلا ) دا بووە(کانجیک و کیر شباوم، ٢٠٠٨، ص١٠).

## ڕەچەڵەکی ئاشورییەکان

ئاشورییەکان یەکێکن لەو نەتەوانەی دورگەی عەرەبی لە سەرەتا کۆچیان کرد بۆ ناوچەکانی فوراتی سەروو لەملا و ئەولای ڕووباری بلێخ کە لقێکە لە لقەکانی ڕووباری فورات لە وڵاتی سوریا نیشتەجێ بوون(علی، ١٩٨٣، ص١٤)، دواتر کۆچیان کرد بۆ ناوچەکانی باکوری وڵاتی میزۆپۆتامیا و لەوێ نیشتەجێ بوون، ئەمە لەوانەی بەهۆی ئەو گۆڕانی کەش و هەوایەوە بوویێت کە لە دورگەی عەرەبی ڕوویداوە (حبیب، ١٩٨٦، ص٥)، پێدەچێت پێش هاتنی ئاشورییەکان بۆ ناوچەکانی باکوری میزۆپۆتامیا دانیشتوانی ئەم ناوچانە سوباری بووبن بە هاتنی ئاشورییەکان بەشێک لە سوباریەکان کە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە بوون کۆچیان کرد بۆ ناوچە شاخاویەکانی باکور و ڕۆژهەڵات، بەڵام بەشێکیان لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە ئەمەش کاریگەری کلتوری و ئاینی لەسەر ئاشورییەکان دروست کرد.(Ahmed,2012,p.58)، بەهۆی ئەو کاریگەریە زۆرەی سوباریەکان لەسەر ئاشورییەکان هەیانبوو بە ڕای ئونگناد شاری ئاشور لە لایەن ئوشپیا وکیکیاوە بنیاتنراوە سوبارین ئەم بۆچونە لە لایەن دکتۆر کۆزادەوە ئاماژەی پێکراوە، لە هەندێ سەرچاوەشدا باس لەوە دەکرێت کە ئەو کاتەی بە شاری ئاشور وتراوە (بال-تیل) بە وڵاتەکە وتراوە سوبارتو(ئەحمەد، ٢٠٠٧، ل.٥٣)، لەدوای لەناوچونی سەرجۆنی ئەکەدی ودەوڵەتەکەی، ئاشوریەکان توانیان لەڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە بەشێوەی کۆمەڵەی بچوك بچوك خۆیان ڕێك بخەن و پاشان بەهۆی یەکگرتنیان توانیان دەوڵەتی ئاشوری پێکبهێنن، (شریف، ١٩٦٠، ص١٣٤).

## باسی یەکەم
## بنەماڵەی سەرجۆنی

سەردەمی ئاشوری نوێ لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیەمی پ.ز دەست پێدەکات کاتێک ئاشورییەکان توانیان بەسەرکردایەتی ئاشو-دانی دووەم (٩٣٢-٩١٢)پ.ز خۆیان ڕێکبخەنەوە لە ڕووی ئابوری و سەربازیەوە، ئاشو-دانی دووەم بیری لەوەکردەوە وڵاتی میزۆپۆتامیا بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ، لە دوای خۆی کوڕەکەی ئەدەد نیراری دووەم (٩١١-٨٩٠)پ.ز توانی دەوڵەتی ئاشوری نوێ دابمەزرێنێت(مورتکات، ١٩٥٠، ص٢٨٦، ٢٨٧) ، سەردەمی ئاشوری نوێ دابەش دەبێت بۆ دووبەش سەردەمی ئیمبراتۆریەتی یەکەم کە لەسەرەتای دروستبونی دەوڵەتی ئاشوری نوێ دەست پێدەکات و لە ساڵی (٧٤٦)پ.ز. کۆتایی دێت، سەردەمی ئمبراتۆریەتی دووەم کە بە هاتنی تجلات-بلیزەر سێیەم (٧٤٥-٧٢٧)پ.ز دەستپێدەکات و بە ڕوخانی دەوڵەتی ئاشوری لە ساڵی (٦١٢)پ.ز کۆتایی دێت(حبیب، ١٩٨٦،ص١٥، ١٨)، سەردەمی بنەماڵەی سەرجۆنی کە بە هاتنی سەرجۆنی دووەم (٧٢١-٧٠٥) پ.ز دەستپێدەکات بە کۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئاشوری کۆتایی دێت(سلیمان، ١٩٩١، ص٩٦).

### 1. سەرجۆنی دووەم (سەرجۆنی ئاشوری) (721- 705) پ.ز

سەرجۆن ئاشوری ناوی چی بووە؟ ڕەچەڵەکی لە کوێوە هاتووە؟ پەیوەندی بە شەلمانصری پێنجەم (٧٢٧-٧٢٢) پ.ز چی بووە؟ (باقر، ٢٠٠٩، ص٥٦٣)، بە پێی تۆمارە بابلیەکان کە لە لایەن پینچیس (Pinches) خراوەتەڕوو دوو لە پاشا یەکەمینەکانی سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی دووەمی ئاشوری ئەوناوەی کە پێی ناسراون لە مێژوودا ناوی خۆیان نەبووە، بەپێی ئەو دەرئەنجامەی کە شریدر (Schrader) بەدەستی هێناوە تجلات بلاسەری سێیەم ناوی پولو (Pulu) بووە و لە شاری بابل هەر بەو ناوە ناویان هێناوە، لە لایەن دکتۆر ئۆپیرت (Oppert) پێشنیاری ئەوە کراوە کە سەرجۆنی دووەم ئەو پاشایە بێت کە ناوی خۆی نەنوسیوە لە تۆمارەکاندا بەهۆی ئەوەی ئەم پاشایە ناوی پاشایەکی کۆنی هەڵگرتووە کە دامەزرێنەری یەکەم ئیمپراتۆریەت بووە لە مێژوودا کە ئەویش سەرجۆنی ئەکەدییە(Sayce,1886-1901,p18)، سایس (Sayce) پێی وایە کە جاریب (Jareb) ئەو پاشا ئاشوریەی کە لە کتێبی تەورات (سفر هوشع) ناوی هاتووە ناوی ڕاستەقینەی سەرجۆنی ئاشوریە ماسپرۆ لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە (Maspero,1900,p.222) .پێدەچێت ئەم ناوە لە زمانی عبریدا دەستکاری کرابێت بنچینەکەی لە یەکێک لەم ناوانەوە وەرگیرابێت ئێریبو (Eribu) یان ئەریبو (Aribu) بێت (Sayce,1886-1901,P.22) ،هەرچەندە سەرجۆن خۆی بە کوڕی تجلات بلاسەری سێیەم (٧٤٥-٧٢٧)پ.ز دادەنێت (سایکس، ١٩٩٩، ص١٣٥)، (ایکارد انکر) توێژەرێکی ئەڵمانیە نوسینێکی ئاشوری دۆزیەوە لە کۆشکەکەی سەرجۆن لە شاری ئاشور، ئەم نوسینە ناو ناسناوی سەرجۆنی دووەمی لەسەرە دەریدەخات کە سەرجۆنی دووەم کوڕی تجلات بلاسەری سێیەمە، نوسینەکە لەسەر پارچەکی ڕوپۆشکراوە بە شوشە نوسراوە ئێستا لە مۆزەخانەی ئەستەمبوڵ بە ژمارە ٣٢٨٢ پارێزراوە.(عبدالمجید، ٢٠١٦، ص١٧)، هەندێکیش پێیان وایە کە سەرجۆن کوڕی خزمەتکارە خۆشەویستەکەی تجلات بلاسەری سێیەم بووە(کانجیک، ٢٠٠٩، ص ٦٩). بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان سەرجۆن بەر لەوەی ببێت بە پاشا فەرماندەیەکی ئاشوری بووە و سەرکردەی ئەو سوپایەی ئاشورییەکانی کردووە کە گەمارۆی خستۆتە سەر شاری سامرە پایتەختی دەوڵەتی یەهودی لە فەلەستین،خاوەن پێگەو ڕێزیکی زۆر بوو لە ناو سوپای ئاشوری هەر ئەمەش وایکرد خۆی وەک پاشای ئاشورییەکان بناسێنێت(علی، ١٩٨٣، ص٥٩) لە دووای شەلمانصری پێنجەم فەرمانڕەوایی ئاشوری گرتەدەست بەشێك لە مێژوونوسان پێیان وایە بە هۆی کودەتای سەربازییەوە تەختی فەرمانڕەوایی گرتۆتەدەست بەڵگەشیان بۆ ئەمە نوسینێکی سەرجۆنی دووەمە کە باس لەوە دەکات (اسماعیل، ٢٠٠٣، ص٢٥) (شەلمانصەری پێنجەم)کاری خراپی دژی شاری ئاشور ئەنجامداوە وەک بەندە مامەڵەی لەگەڵ دانیشتوانەکەی کردووە ناچاری کردوون باج بدەن و بە زۆر کاری پێکردوون، ئازادی لە شارەکەدا کۆد کردووە، ئەو دێڕانەی سەرەوە ئەو مافانەمان پشان ئەدات کە خەڵکی ئاشوری پەیڕەوی کردووە هەموو ئەمانە بوو بە هاندەرێک بۆ (سەرجۆن) تا دەست بەسەر تەختی فەرمانڕەوایی ئاشوردا بگریت بۆ ئەم کارەش پشتی بە (خواوەند ئاشور) بەست و ئەویش شان و شکۆی سەرجۆنی بەرزکردەوە گۆپاڵ و تەخت و تاجی پێشکەشکرد) (علی، ١٩٨٣، ص٥٩) .

**ناوی سەرجۆنی دووەم**

ســـەرجۆن لە زمانی ئەکەدیدا بە دوو شـــێوە نوسراوە لەوانە (šarr-ukén) بەواتای پاشای ڕاستگۆ دێت هەروەها (šarru-kénu) کە بەواتای پاشای جێگیر دێت (عبدالمجید، ٢٠١٦، ص١٨) ، چەندین لێکدانەوەی تر بۆ ئەم ناوە کراوە ئەم واتایانەشی هەیە پاشای ڕێپێدراو(شرعی)، پاشای جاویدانی (الازلی)، ئەو پاشایەی خواوەند تاجی لەســەرنا(علی، ١٩٨٣، ص٦٢)، ناوی ســەرجۆن بەواتای "پاشــا دڵسۆز" دێت، هۆکاری ئەم ناسناوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرجۆنی دووەم زۆر ســەرســام بووە بە ســەرجۆنی ئەکەدی و هەوڵیداوە تایبەتمەندیەکانی ســەرجۆنی ئەکەدی بەکاربهێنێت تا ڕەوایی (شـــەرعیەت) بدات بە فەرمانڕەواییەکەی چونکە هەردووکیان دەســـەڵاتیان بە هەمان شـــێوە هاتونەتە ســـەر تەختی فەرمانڕەوایی سەرجۆنی ئەکەدی دەسەڵاتی لە ئورزبابای فەرمانڕەوایی کیش وەرگرت و سەرجۆنی دووەمیش فەرمانڕەوایی لە شـەلمانصرـی پێنجەم وەرگرت ، نوسـینەی بەتلیمۆس کە لە ســـەردەمانی دواتردا نوسراوە و بە یاســـای بەتلیمۆس ناسراوە بە ســـەرجۆنی دووەم (Šarru-ukīn/kīn(u) arkû) ناوی هاتووە (Elayi,2017, p.13,14,15).

**ناسناوەکانی سەرجۆنی دووەم**

لە گرنگترین ناسناوەکانی ئەمانەن:-

**١-ناسناوە کۆمەڵایەتیەکانی سەرجۆنی دووەم**

سەرجۆنی دووەم هەڵگری هەندێک ناسناوە زیاتر لە بواری کۆمەڵایەتی خۆی دەبینێتەوە سیفەتی باشن وەک شازادەی بەخشندە (rubû zāninšu/ša) و پاشـــای بەخشـــندە (šarru zāninša)، پاشـــای بەخشـــندەی ئیســـاگیلا وئیزدا (zānin Esagil u Ezida) (Karlsson,2020.p,2,3 ).

**٢- ناسناوی سیاسی و سەربازی**

هەندێ لە ناسـناوەکانی تایبەت بووە بە وڵاتی ئاشـور وخەڵکەکەی وەک پاشـای ئاشور (šar māt Aššur) ، چاودێر (شوانی)ئاشور (sipa ma-da aš-šurki-ke4) (Karlsson,2020.p.2 )، کاتێک ســـەرجۆنی دووەم فەرمانڕەوای وڵاتی ئاشوری گرتەدەست بەشێک لە ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوایی ئاشورییەکان لە دژی ئاشورییەکان ڕاپەڕین لەوانەش دەوڵەتی بابل و ئوراتو و عیلام و کلدانیەکان وخێڵەکانی نیشتەجێی چیاکان و ئەو ناوچانەی مصر کە لەژێر فەرمانڕەوایی ئاشورییەکان بوون لەگەڵ بەشـێک لە شـارەکانی سـووریا(مهران، ١٩٩٠، ص٣٩١) سـەرجۆنیش بۆ ســەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینانە بە ســوپایەکی گەورەوە بەڕێکەوت ســەرەتا لە ســاڵی (721) پ.ز کە یەکەم ســاڵی فەرمانڕەویی بوو هێرشی بردە ســەر وڵاتی بابل بەڵام لەوکاتەدا بابلیەکان و عیلامیەکان هاوپەیمانیەتیەکیان لەدژی ئاشـــوریەکان پێکهێنا ســەرجۆنی دووەم بە ناچاری گەڕایەوە بۆ ئاشــور(باقر، ٢٠٠٩، ص٥٦٤) دواتر بەرە و ڕۆژئاوا بەڕێکەوت ڕاپەڕینەکانی بەرەی ڕۆژئاوای ســـەرکوتکرد و شـــارەکانی ســـوریای گرتەوە بەمەش نازناوی فەرماندەی ئاشـــور وهەموو وڵاتی ئامورییەکانی (mu'e''ru māt Aššur u gimir Amurrî) لە خۆبنا هەروەها وای نیشـــاندا خواوەند ئەسـاری ئەوی دەسـتنیشـانکردووە (nibīt Asari)(خواوەندی کشـتوکاڵ بووە لە سوریا )(Karlsson,2020.p.2) لەوانەیە ئەم نازناوەی بۆ ڕاکێشانی سۆزی ئاموریەکان و خەڵکی شام لەخۆی نابێت تا وەک ڕزگارکەر سەیری بکەن.

ســـەرجۆن دووەم لە ســـاڵی ( ٧١٠) پ.ز جارێکی تر هێرشـــێکی ســـەربازی گەورەی کردە ســـەر شـــاری بابل بە توانی کۆتایی بە دەوڵەتی بابلی و بێنێت، (مردوك بلادان) پاشـــای بابل و داروســـتەکەی بەرەو وڵاتی عیلام هەڵهاتن (عبدالحلیم،١٩٩٧،ص٢٢٠)، دوای ئەم داگیرکردنە ســـەرجۆن چەند ناســـناوێکی تری لەخۆی نا کە گرنگترینیان فەرمانڕەوایی بابل (šakkanakki Bābili)، پاشـای بابل (šar Bābili)، پاشای سۆمەر و ئەکەد (šar māt Šumerî u Akkadî) ، هەروەها ناسناوی پاشای چوارلای جیهان (šàr kib-rāt arba'i)، پاشای گەورە (šarru rabû)، پاشای بەهێز (šarru dannu) پاشای گەردوون (šar kiššati) (Elayi, 2017, p.14,15).

سەرجۆن لە ساڵی (٧٠٥)پ.ز لە شەڕێکدا لە ناوچەکانی ئاسیای بچوک کوژرا و سنحاریب ی کوڕە گەورەی جێگەی گرتەوە.(ساکز، ١٩٧٩، ص١٤٩).

**2. سنحاریب (704 -681) پ.ز**

سنحاریب کوڕی سەرجۆنی دووەمە لە دوای باوکی تەختی فەرمانڕەوایی ئاشوری گرتۆتە دەست (السعدون،٢٠١٠، ص١٨٣)، سنحاریب بەر لەوەی بێت بە پاشا لە لایەن باوکیەوە (ســەرجۆنی دووەم) زۆر گرنگی پێدراوە تا ئامادەی بکات بیکات بە شازادەی جێنشین بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پۆست و بەرپرسیاریەتی سیاسی و ســـەربازی پێدراوە وەک فەرمانڕەوایی هەندێک لە هەرێمەکانی ســـەر بەدەوڵەتی ئاشـــوری(حبیب،١٩٨٦،ص٣٤)، هەروەها لە ڕووی ســـەربازیەوە فەرماندەی سوپای ئاشورییەکان بوو کاتێک هێرشیان بردە سەر ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵات ئورارتو (ســاکز،١٩٧٩،ص١٥٠)، ئەم پاشـایە دەوڵەتی ئاشـوری گەیاندە لوتکەی بەهێزی و فراوانی بە جۆرێک ســـنورەکانی ئاشـــوری لە ڕۆژئاواوە گەیشـــتە وڵاتی مصرـ، لە ڕۆژهەڵاتەوە بەشی زۆری وڵاتی عیلامی داگیرکرد ، دەســتی گرت بەســەر هۆزەکانی نیوەدورگەی عەرەب (اســـماعیل،٢٠٠٣، ص٢٥) ، لە دوای بوونی بە پاشا سنحاریب وازی لە شاری (خرساباد -شیروکین ) هێناو گەڕایەوە بۆ شاری نەینەوا بۆ ئەوەی لەپەرســـتگاو کاهینەکانی ئەو شـــارەوە نزیك ببێتەوە، لەڕووی شـارسـتانیەتەوە لە سـەردەمی ئەم پاشـایە وڵاتی ئاشور زۆر پێشکەوت سـنحاریب گرنگی زۆری بە لایەنی بیناســـازی ئاوەدانکردنەوەی ســـەرجەم شـــارو پایتەختە ئاشـوریەکان داوە، چەندین شـورا و دەرگا و کۆشـك و بیناو پەرسـتگای نوێی لە شاری نەینەوادا بنیات نا، پرۆژەی ئاوی بۆ شارەکە دروست کرد و لە ڕێی کەناڵی ئاویەوە ئاوی بۆ ڕاکێشا (سلیمان،٢٠١٠،ص٢٣٧).

**- ناو ی سنحاریب**

ناوی (سنحاریب ) لە نوسینەکانی سەردەمی ئاشوری نوێدا بە سێ بڕگە ئەنوسرا بەم شـێوەیە (dsin-ahhe u-eriba) هەر بڕگەیەکیش واتای خۆی هەبوو(dsin) بەواتای ( خواوەندی سـین ) خواوەندی مانگ بووە لای سـۆمەری و ئەکەدیەکان، بڕگەی دووەم ( aḫhe/u ) بە شـــێوەی کۆ هاتووە بە واتای براکان یان هاوڕێکان تان هاوبەشــەکان دێت، بڕگەی ســێیەم ( eriba- iriba ) بەواتای زیادی ئەکاتیان بەخێوی ئەکات ناوی ســـنحاریب پێکەوە بەواتای خواوەندی مانگ،براکان یان هـــاوڕێـــکان یان هـــاوبەشـــەکان، زیاد دەکات یان بەخێودەکات(حبیب،١٩٨٦،ص٢٦،٢٧)، سنحاریب خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەتی بوو، زۆر باوەڕی بە خۆی هەبوو پێی وابوو خواوەند ئاشـــور لە ناو فەرمانڕەواکاندا

به تایبەتی ســـەیری ئەمی کردووە و هەڵبژاردووە هەروەها وایکردووە چەکەکانی ئەم گەورەترو بەهێزتر بێت لەچەکی فەرمانڕەواکانی تر، پێی وابوو خواوەند نینشـــیکو بەقەد کەســێکی دانا تێگەیشـــتن و زانایی پێ بەخشـــیووە ئەم باوەڕ بەخۆ بوونە لە ناسناوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە (Elayi,2018,p.19).

**ناسناوەکانی سەنحاریب**

**١-ناسناوە ئاینییەکان :**

(e-piš sal-lam dAššur) واتە ئەوەی پەیکەری بۆ خواوەند ئاشـــور دروست کرد ، (šub-ti-šu-nu mu-ul-li) ئەوەی شکۆمەندی بە گەورەی خواوەندەکان و شوێنەکەی بەخشی ، ša pa-lah ilanimeš ša šame u (ilanimeš mat aš- šurki ra biš mu-da-u) واتە ئەوەی لە خواوەندی ئاســـمان و خواوەندی ئاشـــور ئەترســـا، خاوەن ژیری فراوان بوو، (mi-girilani rabuti) خۆشـــەویســـتی خواوەندە گەورەکان (حبیب، ١٩٨٦، ص٣٠،٣١،٣٣)

**٢-ناسناوە کۆمەڵایەتەیکانی سنحاریب :**

ســـنحاریب پاشـــایەکی بە ئەزموون و دانا بوو شـــارەزایی لە هەموو کاروبارەکانی وڵاتدا هەبوو لە لایەن باوکیەوە ڕاهێندرابوو پانزە ساڵ شـازادەی جێنشـین بوو، واتە ئـاشـــنـای هەموو پرســـە پەیوەنـدیـدارەکان بووە بە وڵاتی ئـاشـــورەوە (Elayi,2018,p.20)، هەندێ لە ناسـناوەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو شـارەزاییەی بووە لەوانە : -

(eṭ-lum git-ma-lu4/lum) واتە پیاوی کامڵ و بەڕێز و شارەزا، (mu-de-e šip-ri ka-la-ma) هەموو کارێک دەزانێ (مەبەســتی کاری باشــە)، (šarru-er-su)پاشای دانا، (ri-i-im ki-na-a-ti) پاشای ڕاستگۆ ، (re-e-u ba-ḫu-la-a-ti) چاودێر (شـــوانی) خەڵکەکەی ، (mu-tar-ru-u nišimeš rap-ša-a-ti) ســـەرکردایەتی خەڵکانێکی زۆردەکات مەبەســـتی ئەوەیە پێگەیەکی جەماوەری فراوانی هەیە،( a-ša-rid kal ma al-ki) یەکەم لەناو پاشاکان، (šarru la ša-na-an ) ئەو پاشایەی هاو شانی نیە (حبیب،١٩٨٦، ص٣٢ ، ٣١، ٣٣)،( D.P., D.P., Sin-akhi-irba sar cis'sati.) ســـنحاریب پاشـــای خەڵکەکەی،( Sar mat Aššur esiri khuratsi tulat karni) پاشـای ئاشـور، خاوەنی بازنگی ئاڵتونی، گردێک لە عاج،( khuratsi gagi khuratsi esiri itti sa-a-ti (?)a cup (?).....) (؟) لە ئاڵتون، تاجی ئاڵتونی و زنجیرەکەی.(A et all,1880,p15)

**٣- ناسناوە سیاسی و سەربازیەکانی سنحاریب:-**

هەندێک لە ناســـناوەکان هەمان ئەو ناســـناوانە بوون کە لە لایەن پاشـــاکانی پێشـــخۆیەوە بەکارهێنراوە ڕەنگدانەوەی هێزو دەســـەڵات و دادپەروەری پاشـابوون وەک: (šar māt Aššur) پاشـــای ئاشـــور ، (Karlsson,2020.p,3)، ( šar kibrat arbaʾi) پا شای چوار لا(Elayi, 2018, p.20)، (šarru-rabu) پا شای گەورە ،(šarru dannu)پـاشـــــای بەهێز ،(s šar kiššati) پـاشـــــای جیهـان(Grayson and Jamie, 2014, p.126)، ( šar māt sumeri a Akkade) پاشای وڵاتی سومر و ئەکەد (حبیب، ١٩٨٦،ص٣٣ )، دوای ئەوەی ناوچەکانی دورگەی عەرەبی داگیرکردوو چوو بەرەو مصر نازناوی پا شای عەرەب و ئاشورییەکانی لە خۆی نا.( Herodotus, 1936, p. 186,187 ).

(zikaru qardu)پـاڵەوانی ئـازا ، (rīmu ekdu) گـای کـێـوی دڕنـدە (Elayi,2018,p.20)، (ša ni-i-id-qab-li u taḫazi) پـاشـــــای زۆرانبـاز (حبیب،١٩٨٦، ص٣١).

نوســـینە مێخیەکان ئـامـاژە بەوە دەکەن کە ســـنحـاریب لە لایەن ئەرەدمو لیشـــشـی(arad-mulišši) و ئاشـــور مونین(Ashur-munin) کوڕیەوە کوژراوە دوای ئەوەی ئەم دوو کوڕە دژی باوکیان ڕاپەڕین، ئەم ڕاپەڕینە بۆ ماوەی سی مانگ بەردەوام بوو دواتر ئەســـەرحەدوون کە لەو کاتەدا فەرمانڕەوایی بابل بوو بە بیســـتنی کوژرانی باوکی شـاری بابلی بەجێهێشـت و ڕووی کردە شـاری نەینەوا و ڕاپەڕینەکەی ســـەرکوت کردوو چووە ســـەر تەختی فەرمانڕەوایی وڵاتی ئاشـــور(حبیب،١٩٨٦، ص٤٨).

## باسی دووەم
## (ئەسەرحەدوون – 681-669) پ.ز

ئەســـەرحەدوون بچوکترین کوڕی ســـنحاریب بووە، لە هەمان کاتدا لەلایەن باوکی ئامادەکراوەو بۆ ئەوەی لەدوای خۆی دەســـەڵات و فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئاشـــوری بگرێتە دەســـت، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کێشـەو ململانێی لەسـەر تەختی فەرمانڕەوایی لە نێوان کوڕەکانی (ســـنحاریب )دا دروســـت بێت دواجار ســـنحاریب بەدەستی کوڕەکانی کوژرا، بەڵام (ئەسەرحەدون) توانی کۆتایی بەو کێشانە بێنێت و بە زەبری هێز تەختی فەرمانڕەوایی وڵاتی ئاشـــوری وەربگرێت (اســـماعیل، ٢٠٠٣، ص١٣٢)، چۆنیەتی وەرگرتنی فەرمانڕەواییەکەی و هاتنە سـەر تەختی دەسـەڵات لە ســـاڵنامەکانیدا ئاماژەی پێکراوە کە چۆن توانیویەتی بەســـەر کیشـــە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا سەر بکەوێت (رو، ١٩٨٤، ص٤٣٣)، لەدوای ئەوەی لە ساڵی ٦٨١ پ.ز تەختی فەرمانڕەوایی وەرگرت و توانی دەسـەڵاتی جێگیر بکات و کارەکانی وڵاتی ڕێکخسـت، دەسـتی کرد بە نۆژەنکردنەوەی شـاری بابل دوای ئەوەی لە سـەردەمی باوکیەوە وێران کرابوو، چونکە پێی وابوو خواوەنـدەکانی بابـل لە باوکی توڕە بوون سزایاندا بەهۆی ئەوەی ســـوکایەتیەی بە خواوەندەکانی بابل کرد، ئەســـەرحەدوون خەڵکی بابلی بەکارهێنا لە نوێکردنەوەی بیناکانی شارەکەیان، لە شاری بابل نوسراو و پاشماوەی بینایەکی سەردەمی ئەسەرحەدوون دۆزراییەوە،لە نوسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە کاری نۆژەنکردنەوەی شـارەکە تا ســـەرەتاکانی فەرمانڕەوایی ئاشـــور بانیپاڵ درێژەی کێشـاوە،بەم شـێوەیەش شـاری بابل ئارامی بەخۆیەوەبینی جگە لە ڕاپەڕینی ساڵی ٦٨٠پ.ز کە لەلایەن کوڕەکەی مردوخ بلادانەوە سەرکردایەتی کرا دواتر کۆتایی پێهات (باقر، ٢٠٠٩، ص٥٧٤)، بەڵام لە بەری ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئاشـــوری، (لەناوچەی شـام وشـارە فینیقیەکان) شـۆڕش نارەزایەتی لەدژی دەسـەڵاتی ئاشـوری کراوە، لە سـاڵی (677)پ.ز ئەسـەرحەدوون توانی سـەرکوتیان بکات و بەسـەریاندا سـەر بکەوێت، بەتایبەتیش شـاری (صیدا) کە پادشـاکەی ناوی (عبدی-ملکوتی) بووە، ئەســـەرحەدوون توانی پاشـــا و خێزانەکەی بکوژێت و تەرمەکانیان بخاتە ناو دەریاوە شارەکەی وێران کرد و دانیشتوانەکەی ڕاگواست بۆ شارەکانی ئاشوری و زەویەکانیشـــی بەخشـــین بە خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری(ســـلیمان، ٢٠١٠، ص٢٣٩)، بەم شـــێوەیە ئارامی گەڕایەوە بۆ ناوچەکە کەناراوەکانی دەریای ســـپی

ناوەڕاست کە لە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئاشوری بوون (رو، ١٩٨٤، ص٤٣٤، ٤٣٥)، دوای جێگیربوونی وڵاتی شـام و بابل ئەسـەرحەدوون ڕویکردە ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئاشـوری، (کیمیریەکان) کە لەسـەردەمانی سـەرجۆنەوە لەناوچەکانی باشوری ڕوسیا دەرکەوتن و بەرەو ناوچەکانی (قەوقاز و ئاسیای بچوک و ئەرمینیا و ئێران) پەڕینەوە و لەگەڵ خەڵکانی تری ناوچەکەدا یەکیان گرت کە لە سـاڵەکانی سـەرەتای فەرمانڕەوایی ئەسـەرحەدوون ( 679) پ.ز دەرکەوتن و لە نوسراوە ئاشوریەکان بە (ئەشکوزیین) ناویان هاتووە و لە سەرچاوە کلاسیکیەکاندا بە (سیکتیەکان) ناسراون، یەکگرتنی ئەم دوو نەتەوەیە هەڕەشەی بۆ سەر دەسەڵاتی ئاشـوری و بەرژەوەندیە ئابوری و بزرگانیەکانیان لەو ناوچەیە دروسـتکردبوو، ، ئەسەرحەدوون بەرژەوەندی ئاشوریەکانی لەبەرچاوگرت و هاوپەیمانی لەگەڵ پێکهێنان و پەیماننامەی ئاشتیان نوسی و زەواجی سیاسیان کرد لە نێوان شازادەیەکی ئاشوری و و بارتاتو کە یەکێک بوو لە سـەرکردەکانیان (باقر، ٢٠٠٩، ص٥٧٤، ٥٧٥) ، دواتر ڕوی کردە وڵاتی مصر_ لە ڕیگەی وڵاتی شـام و فەلەسـتینەوە توانی سـوپای مەصری تێکبشکێنێت و شاری مەنفیس داگیر بکات و فرعەونەکەشی بەرەو باشور هەڵهات (عبدالحلیم ، ١٩٩٧، ص٢٢٦، ٢٢٧).

**ناوی ئەسەرحەدوون**

ناوی ئەسەرحەدوون لە سەردەمی ئاشوری نوێ بەم شێوانەی خوارەوە نوسراوە (walker,1987, Idaš-šur-PAB -Aš IAš-PAP-Aš, Aššur-aḫi-iddina (p.57 بەواتای (خواوەند ئاشـور برایەکی پێ بەخشـی)(رو، ١٩٨٤، ص٤٣٣)، جگە لەمە ئەسـەرحەدوون ناوێکی تری بۆ خۆی دانابوو ئەویش(Idaššur-etel-ilanimeš-mukin-apli ) کە بە واتای خواوەند ئاشـور پاڵەوانی خواوەندەکان جێنشـینەکەی جێگیرکرد، لە نوسـینە عبریەکانیشـدا بە (srhdn) ناوی هاتووە.(الفتلاوی، ٢٠٠٦، ص٢٢)

ئەسـەرحەدوون لەسـەر پارچەی تابلێتێک کە لەنەینەوا دۆزراوەتەوە لە دێڕەکانی (١-٥) باسی ڕەچەڵەکی خۆی دەکات بەم شێوەیە:-

1′) ⌈IBILA⌉ a-šá-re-du šá m[d30-ŠEŠ.MEŠ-SU MAN ŠÚ MAN KUR aš-šur.KI]

2′) DUMU DUMU mLUGAL-GI.[NA MAN ŠÚ MAN KUR aš-šur.KI]

3′) [GÌR].NÍTA KÁ.DINGIR.RA.KI [MAN KUR EME.GI$_7$ u URI.KI]

4′) [li]-ip-li-ip da-ru-[u šá mEN-ba-ni MAN KUR aš-šur.KI]

5′) [ki]-sít-ti ṣa-a-ti [šá du-rug-šú bal-til.KI]

واتە: ١) کوڕی سـنحاریب پاشـای جیهان، پاشـای ئاشـور ٢)کوڕەزای سـەرجۆنی دووەم پاشای جیهان، پاشای ئاشور ٣) فەرمانڕەوای بابل ،پاشای سومر و ئەکەد ٤)نەوەی بنەماڵەی ئەبەدی(بێل-بانی پاشـای ئاشـور، بنەماڵەی کۆن(کۆتا مەنزڵی بالتیل (ئاشور)ه. (leichty, 2011, p.102,103).

لە تێکسـتێکی تردا کە بە تێکسـتی بابلی-ئاشـوری ناسراوە، بە زمانی ئەکەدی لەسـەر سێ تابلێتی قوڕین نوسراوە لە دێڕەکانی (٤٧-٤٨) بە هەمان شـێوە باسی ڕەچەڵەکی خۆی دەکات:

47) DUMU md[30-ŠEŠ].MEŠ-SU [MAN GAL] MAN dan-nu MAN ŠÚ MAN KUR aš-šur.KI DUMU mMAN-GIN MAN ŠÚ MAN KUR aš-šur.KI

48) GÌR.NÍTA KÁ.DINGIR.RA.KI MAN KUR EME.GI$_7$ u URI.KI lìb-lìb-bi LUGAL-ti šá mEN-ba-<ni> MAN KUR aš-šur.KI

٤٧) کوڕی سـنحاریب پاشـای گەورە، بەهێز، پاشـای پاشـاکانی جیهان،پاشـای ئاشور، نەوەی سەرجۆنی دووەم پاشای جیهان، پاشای ئاشور.

٤٨) فەرمانڕەوای بابل ،پاشـای سـومر و ئەکەد، پاشـاکەم نەوەی بێل-بانی پاشـای ئاشـورە، لە بنەچەیەکی کۆنە، شـوێنی بنچینەی و کۆتاییان بالتیل (ئاشـور)ە. (leichty,2011p.102,103,106)، بێل-بانی کوڕی ئەداسی دامەزرێنەری بنەماڵەی ئاشـوریەکانە، لە نوسـینێکی تردا باس لەوە دەکات کە ئوشـپیا دامەزرێنەری شـاری ئاشور باپیرە گەورەیەتی (الفتلاوی،٢٠٠٦،ص٢٧).

**دیارترین ناسناوەکانی ئەسەرحەدوون ئەمانەن**

**١-ناسناوی ئاینی :**

ئەسـەرحەدوون چەندین ناسـناوی ئاینی لە خۆی ناوە لەوانە (sangu daššur) ڕەبەن (کاهینی) گەورەی خواوەند ئاشـور، لەبەر ئەوەی ئەسـەرحەدوون خۆی بە کاهینی گەورەی خواوەند ئاشـور داناوە چەندین ئەرکی ئاینی کەوتۆتەسـەر کە لە هەمانکاتدا پاشـا شـانازی بەم ئەرکانەوە کردووە وەک ناسـناو بەکاری هێناوە (الفتلاوی، ٢٠٠٦، ص٢٢).

da-num GAL-ú ana URU-šú BÀD.AN.KI u É-šú é-dim-gal-) (kalam-ma ú-še-ri-bu-ma ú-še-ši-bu pa-rak da-ra-a-ti واتە ئەوکەسـەی وای لە خواوەند ئانوی مەزن کرد بچێتە ناو شـاری دێر و لەوێ لەپەرسـتگای ئێدیگالکالاما(Edimgalkalama) (پەرسـتگای خواوەند ئانو بوو) لەوێ لەسـەر سـەکۆی پەرسـتنی هەمیشـەیی دانیشـت. ( DINGIR.MEŠ KUR.KUR šal-lu-tu šu-kut-ta-šú-nu ud-di-šu ul-tu qé-reb KUR aš-šur.KI a-na áš-ri-šú-nu ú-ter-šú-nu-ti-ma ú-ki-nu is-qu-uš-šú-un) واتە ئەوکەسەی کە ڕواڵەتی جوانی گێڕایەوە بۆ خواوەندی زەویە تاڵانکراوەکان، خواوەندی زەویە تاڵانکراوەکانی گەڕاندەوە، خواوەندەکانی لە ئاشـورەوە گەڕاندەوە بۆ شوێنی گونجاوی خۆیان، دڵنیاش بویەوە لە دوبارە گەڕانەوەیان. ( leichty, 2011, p.262)

(šarru-sahtu- muštē’’û ašrāt ilānimeš) پاشـای ئازا هەمیشـە سـەردانی خـواوەنـدە مەزنەکان ئەکات، ( -rabutimeš- pāliḫ-bel-bele-(EN_EN) bānû bīt Aššur-ēpiš E Sagila) واتە ئەوکەسەی کە لە خواوەند بعل ئەترسێ ماڵی خواوەند ئاشور و ئیساگیلای (پەرستگای خواوند مەردۆخ خواوەندی نەتەوەی بابلیەکان) بنیـاتنـا.(الفتلاوی،٢٠٠٦،ص٢٢)،(ēpiš Esagila u Bābili ) ئەوکەسەی ئیساگیلا وبابلی بنیاتنایەوە. (Karlsson,2020.p,3)

لەلایەن ([...] ni-bit diš-tar šá URU.ni-na-a šar-ra-tú GAL-tú) خواوەند عەشـتاری نەینەواوە هەڵبژێراوە،( [pa]-liḫ zik-ri AN.ŠÁR dAG dAMAR.UTU mu-kil ik-kib dEN.LÍL d30 dUTU dIŠKUR واتە

خۆشەویستی خواوەندە گەورەکان ئەوکەسەی ڕێز لە قسەی خواوەند ئاشور و نابو و مەردۆخ دەگرێت و پیرۆزیەکانی خواوەند ئنلیل و سن و ئوتو و ئەدەد ئەپارێزێت، ( ... GAL]-ú pa-liḫ DINGIR.MEŠ GAL.MEŠ muš-te-e'-u áš-rat] DINGIR-ti-šú-nu GAL-ti) ئەو کەسەی خواوەندە گەورەکان بە پیرۆز ئەزانێ و بە ئەمەکە بەرامبەر مەزارەکانیان، ( LUGAL šá ul-tu] ṣe-ḫe-ri-šú a-di] (ra-bé-šú be-lut-su-nu pu-qu-ma quru-us-su-nu dal-lu4 ⌉ئەو پاشایەی کە⌈ لە منداڵیەوە تا گەورەبوونی گوێی لە فەرمانەکانیان ئەگرت وستایشی ئازایەتی ئەوانی ئەکرد (مەبەستی خواوەندەکانە) (leichty,2011, p.105)، (Naram daššur dšamaš dnbu dMarduk) خۆشەویستی خواەند ئاشور و شەمەش و نابو و مەردۆخ. (الفتلاوی،٢٠٠٦، ص٢٣)، ( ardu pāliḫ dnbu dMarduk) واتە ئەو خزمەتکارەی کە لە خواوەند نابو و خواوەند مەردۆخ ئەترسێ، (rubu pāliḫ ilanimešrabutimeš) ئەو شازادەیەی لە خواوەندە گەورەکان ئەترسێت.(الفتلاوی، ٢٠٠٦، ص٢٣)، ( ardu pāliḫ ilūtišu rabītim) ئەو خزمەتکارەی کە لە خواوەندی گەورە ئەترسێت، ( šarru ša ina ūmē palîšu Marduk ana Bābilisalīmu iršû ina Esagil irmû šubassu) ئەو پاشایەی لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی بابلدا لە ژێر بەزەیی مەردۆخدابوو(جارێکی تر) لە ئیساگیلا نیشتەجێ بوو، ( Nanāya ittaklu šarru ša ultu ṣeḫrišu ana Nabû Tašmētum u) ئەو پشایەی کە هەر لە (rēšu mutnennû) گەنجیەوە دانپێدانراوبوو لە لایەن نابو و تشمیتو و نانایا، خزمەتکاری خواپەرست. (Karlsson,2020. p,3,5,7.).

## ٢- ناسناوە کۆمەڵایەتیەکان

هەندێ لە ناسناوەکانی ئەسەرحەدوون پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کاروباری خەڵکەوە هەبووە وەک جێبەجیکاریکی دادپەروەری هەر لەبەر ئەمەش یەکێک لە ناسناوەکانی بریتیە لە :

(re-'u-um ke-e-nu) شوانی ڕاستەقینە،(rē'û kēnu) شوانی ڕاستگۆ، ( rubû na'adu)شازادەی بەڕێز،( rubû enqu ) شازادەی عاقڵ یان زیرەک،( rubû [kēnu]) شازادەی ڕاستگۆ،( malku na'adu ) پاشای بەڕێز (Karlsson,2020.p.4,5).

## ٣- ناسناوە سیاسی و سەربازیەکان

ئەسەرحەدوون چەندن ناسناوی پاشایی لە خۆی ناوە کە هێزێکی زۆری پێدەبەخشی پڕوپاگەندەیەکی گەورەش بوو بۆ پاشا لەڕووی ڕاگەیاندنەوە لە گرنگترین ئەو ناسناوانەش ئەمانەن:

(mār šarri rabû ša bīt redûti) شازادەی جێنشین (leichty,2011, p.61)، (bukur Sîn-aḫḫē-erība) منداڵی سنحاریب، (iššakku ṣīru) واتە جێگری پایەبەرز، (itpēšu ḫāsis kal šipri) لێهاتووە و هەموو پیشەیەک دەزانێت، (ša) gimir malikī ušaknišu (šēpuššu) واتە ئەوەی سەری بە هەموو پاشاکان نەویکرد، (kāšid ultu tâmtim elīti adi tâmtim šaplīti) لە دەریای سەرو بۆ دەریای خواروی داگیرکرد، (zēr šarrūti kisitti ṣâti) هەڵگری تۆوی شاهانە و ڕەچەڵەکی سەرەتایی (Karlsson,2020.p,3,5,7).

(ša bēlūssunu [putūqu] šar(ru)) ئەوەی بەبەردەم ئاگاداری فەرمارەواکانە، ( šarru ša ina pāliḫša) ئەو پاشایەی لێی ئەترسن (مەبەست دوژمنەکانیەتی)، ( kullat [mātāti] māḫiri lā [īšû]) واتە ئەو پاشایەی لە تەواوی وڵاتدا هاوشێوەی نیە، (šakkanakki Bābili) پارێزگاری بابل، (šar Bābili) پاشای بابل، (šar kiššati) پاشای گەردوون، (šarru šaḫtu) پاشای <u>خۆ بەکەمزان</u> (خاکەڕا، راستترە) (متواضع).(Karlsson, 2020. p,5,6,7).

(zikaru qardu) پاڵەوانی ئازا، (šar māt Šumerî u Akkadî) پاشای سۆمەرو ئەکەد، (šar šarrānimeš) پاشای پاشاکان، (-a-ša-rid kal ma al ki) یەکەم لەناو پاشاکان، ( šar šarrāni māt [Muṣri] māt pa-ta-ri-is u[māt Kūsi]) واتە پاشای پاشاکانی مصری خوار و سەروو وڵاتی کوش (الفتلاوی، ٢٠٠٦، ص٢٤)، ( MAN KUR.SU. BIR4 .KI KUR [...] MAR.TUKUR.gu-ti-i) پاشای سوبارتو و ئامورو و گوتیەکان و حیسیە بەربڵاوەکان،(.KUR.ḫat-ti DAGAL-tim [...] LUGAL LUGAL MEŠNI.TUK.KI KUR.má-gan-naKUR.me-luḫ-ḫaLUGAL kib-rat LÍMMU-tim) پاشای پاشاکانی وڵاتی دلمون و مەگان و میلوخا، پاشای چوارلا،( MAN KUR.kar-ddun-ía-àš DÙ-šú ) پاشای وڵاتی کاردونیاش. (leichty, 2011, p.105, 145).

ئەسەرحەدوون (سێ) ساڵ پێش مردنی لە ساڵی (772 پ.ز) سەرجەم گەورەو دەسەڵاتدارەکانی وڵاتی ئاشور و نوێنەرانی وڵاتانی دەوروبەری کۆکردەوەڕایگەیاند کە ( ئاشور بانیباڵ)ی کوڕی جێگرەویەی باوکیەتی لەدوای باوکی و کوڕەکەی تری بەناوی (شمش-شم -اوکن) دەکرێتە پادشای بابل، لە هەمان کۆبونەوەدا سەرجەم ئامادەبوان پەیمانیان بە ئاشور بانیبال داو دانیان بە بوون بەپاشاو جێگرەوەی باوکیدانا، ئەسەر حەدوون ئەم کارەی بۆئەوە کرد کە لەلەدوای کۆچی دوایی خۆی هیچ کێشە و ناکۆکیەك لەناو خێزانی پادشایدا ڕونەدات لە ساڵی ٦٦٨پ.ز ئەسەرحەدوون کۆچی دواییکردوو ئاشوربانیپاڵ جێگەی گردتەوە بەم شیوەیەش کۆتایی بە فەرمانڕەواییەکەی هات (رو، ١٩٨٤، ص.٤٣٨).

## ٤- ئاشور بانیپاڵ (668- 626)پ.ز

ناوی ئاشور بانی پاڵ لە سێ بڕگە پێکهاتووە ئاشور بەواتای خواوەند ئاشور، بان بەواتای ئەفراندن اپلو بەواتای کوڕ ناوەکەی بەگشتی بەواتای (خواوەندی ئاشور کوڕەکەی ئەفراند) (رو ، ١٩٨٤، ص ٤٣٩).

سەرچاوە کلاسیکیەکان و بە تایبەتی ئەفسانەکانی یۆنانی و ڕۆمانەکان باسی کەسایەتیەک کراوە کە ناوی ساردانا پولوس بووە بەپێی ئەفسانەکە کۆتا پاشای ئاشوریەکان بووە، ئەم پاشایە خاوەن کەسایەتیەکی لاواز و ژنانی بووە، نوقم بووە لە خۆشگوزەرانی و بەدیهێنانی ئارەزووەکانی بووە، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەدوای دۆزینەوەی پاشماوە شوێنەواریەکانی ئاشوربانیپاڵ لە باکوری میزۆپۆتامیا وادانراوە کە ساردانا پولوس ئاشوربانیپاڵی پاشای ئاشوریەکان بیت، بەڵام جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو کەسایەتیەی کەلە ئەفسانەکانی یونان و ڕۆمان باسکراوە لەگەڵ ئا شوربانیپاڵ کە زۆربەی ژیانی بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و جەنگەوە بە سەربردووە. (احمد، ١٩٦٦، ص٢٠).

ئەسەرحەدوون پێش مردنی (ئاشور بانیپاڵ) ی کرد بە جێنشینی خۆی و (شمش-شم-اوکن) کوڕی کرد بە فەرمانڕەوای (با بل)، ئەم هۆکارێک بوو بۆ سەقامگیری

وڵات و بۆمـاوەی (17) ســـاڵ هیچ ناکۆکیەك لە نێوان ئەم دوو برادا ڕوینەدا، (الســعدون، ٢٠١٠، ص١٩٨)، ئاشــوربانیپاڵ لە ســەرەتای فەرمانڕەواییەکەیدا لە ســاڵی (٦٦٨) پ.ز یەکەم هێرشی ســەربازی بردە ســەر کربت لە وڵاتی عیلام بە مەبەستی سەرکۆتکردنیان، لە ساڵی (٦٦٧)پ.ز هێرشی سەربازی کردە سەر مصر بە هۆی ئەوەی مصریەکان بە بەردەوامی هانی دەوڵەتی شارەکانی سوریایان ئەدا دژی ئاشـــوریەکان ڕاپەڕن جگە لەوەی مصرـــ وڵاتێکی دەوڵەمەند بوو ئەمانە وای لە ئەسەرحەددون کرد هێرش بکاتە سەر مصر لە ساڵی (٦٦٩)پ.ز.، دوو ساڵ دوای ئەو شــەڕە ئاشــوربانیپاڵ جارێکی تر هێرشــێکی فراونی کردە ســەر وڵاتی مصرــو تەنانەت گەیشــتە تاریقو (وڵاتی حەبەشــە) بەم شــوەیە ئیمپراتۆریەتی ئاشــوری لە ســەردەمی ئەم پاشـایە زۆر بەرفراوان بوو بە شـێوەیەک سـوپای ئاشـوری لە دوری ١،٣٦ میل لە وڵاتەکەیەوە شـەڕی کردووە (الدوری،١٩٨٦، ص ٦٣، ٦٩،٧٢ ) ئەمە جگە لە چەندین هێرشی تر بۆ سەر مید و لیدی و حیسیەکان هتد....

ئاشـــوربانیپاڵ وەک هەموو شـــازادەکانی ئاشـــوری پەروەدەیەکی تایبەتکراوە لە ژێرچاودێری باوکی، لە منداڵیەوە خواوەندەکان چاودێریان کردووە و گەورەیانکردووە خواوەند مردوخ دانایی فراوانی پێبەخشـیووە، خواوەند نابوی نوسـەری خواوەندەکان دانایی وزیرەکی پێداوە، خواوەند نرگال ونینورتایش هێز و پیاوەتیان پێ بەخشـیووە، چاودێری کردووە وئامادەی کردووە بۆ جێنشـــینی (Olmstead, 1960, p.386)، پاشــا ئاشــوریەکان شــانازیان بە باپیرانیانەوە کردووە بەجۆرێک کە خۆیان بە نەوەی پاڵەوانێکی ئەفســـانەیی بەناوی (ئەدابا) زانیوە (رو،١٩٨٤، ص٢٥٤)، ئەدابا داناو ڕاوچی ماسی بووە لە شاری ئەریدۆ (الدوری، ١٩٨٦، ص٣٤).

ئاشــوربانیپاڵ هاوشــیوەی پاشــا ئاشــوریەکانی پیش خۆی لە ڕوی ســەربازیەوە ڕاهێنانی زۆری پێکراوە لە لایەن باوکیەوە بۆ ئەوەی لەداهاتودا بتوانێت فەرمانڕەوایی وڵات بکات بەتایبەتیش ڕاهێنانای ســوارچاکی و ڕاوکردن و ڕم هاویشـــتن و چۆنیەتی لێخوڕینی گالیسکەی جەنگی فێرکراوە. (Smith, 1871, p.3).

### ناسناوەکانی ئاشور بانیپاڵ

ئاشـوربانیپاڵ هەڵگری چەندین ناســناو بووە کە لە کۆنەوە پاشـا ئاشـوریەکان لە خۆیان ناوە لەوانە (ئیشــاکوم) کە بەزمانی ئاشــوری بە واتای وشــەیەکی ئاشــوریە و بەواتای (Ensi) ســۆمەری دێت بە واتای شـــازادە دێت ئاشـــوربنیپاڵیش هەمان ناسناوی لە خۆی ناوە (رو، ١٩٨٤، ص٤٥٤).

### ١-ناسناوە ئاینیەکانی

(ni-bit d30 dUTU ⌈d⌉IŠKUR) (ئاشـــوربانیپال) هەڵبژێردراوە لە لایەن خواوەند سن وشمش و ئەدەدەوە، (na-ram dAMAR.UTU dzar-pa- ⌈ni-tum⌉) خۆشەویستی خواوەند مەردۆخ و خواوەند زاربانیتو، (SIPA ke-e-nu mi-gir ⌈DINGIR⌉.[MEŠ GAL.MEŠ?]) خۆشـــەویســـتی خواوەندە گەورەکان، (Novotny and Joshua, 2018, p.44,45 )، (é-kur...mu-un-na-dù) ئەوەی پەرســـتگـای ئیکوری بنیـاتنـایەوە، (ēpiš Esagila) ئەوەی ئیســـاگیلای دووبارە بنیاتنایەوە، ([pāliḫ ilūtišu [rabīti) لە گەورەی خۆی دەترسـێ مەبەســتی خودایە، (muddiš ešrēti kullat māḫāzī) ئەوکەســەی هەموو ناوەندە پیرۆزەکان وپەرســـتگاکان نوێدەکاتەوە، ( ša epšētušu eli kal ilāni ṭābā) ئەو کەســەی کە خواوەندەکان لە هەموو کردەوەکانی ڕازیە، ( ša ina palîšu Adad zunnīšu Ea nagbišu ana mātišu uštabrū) ئەو کەسەی لە سەردەمەکەیدا خواوەند ئەدەد بارانی باراند و کانیاوەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر هێشتەوە لەســەر زەویەکانی، (ša ina qerbišina išakkanu simāti) ئەو کەســەی ڕێ وشوێنی گونجاوی بۆ دانا (مەزارەکان)، ( Karlsson,2020 p,7,8.)، ( Na-sir piristi-ilanimeš rabutimeš) ســـەرخەری بڕیارەکانی خواوەند، ( mu-ṭir par-si pil-lu-de-e ina es-ret matsumer u matAkkadiki ša ul-tu umemeš pa-ni) هەر لە ڕۆژگـارە کۆنەکانەوە پـارێزگـاری لە دروشمی ئـاهەنگە کۆنەکانی پەرســـتگـای ســـۆمر وئەکەد کردووە. (الدوری،١٩٨٦، ص ٣٣). (nu zik-ru]-u-t[i?] [e-mu-qí ṣi-ra-a-ti [DINGIR-us-su-un dun-ú-^a]t-li-mu-i[n-ni]) ئەو خواوەنـدە مەزنانەی کە بەردەوام بە پیرۆزم دادەنان هێز و پیاوەتی و هێزێکی تایبەتیان پێبەخشیم . (Novotny, 2006, p16)

### ٢- ناسناوە کۆمەڵایەتیەکانی

(a-ḫi-iz he-mi-qi) خاوەن دانایی، (la ka-sir ik-ki)لێبوردە، (a-lik ta-pu-ut a-ki-i) هەوڵئەدات یارمەتی هەژاران بـدات، (lib-bu rap-šu) خـاوەن دڵێکی گەورە، (šakkanakku kan šu) فەرمانڕەوایی گوێڕایەڵ، ( šakkanakku mut -nen-nu-u) فەرمـانڕەوایی خۆپـارێز، (Na-sir a-mat) قســـەی خۆی ســـەردەخات.(الدوری،١٩٨٦، ص ٣٣)، ( ina ṭuḫdu u mešrê išteni’’û nišēšu) ئەو کەسەی گرنگی بە خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی خەڵکەکەی ئەدات، (iruššū dadmēšu) دانیشـــتوانەکەی دڵخۆش دەکات، (rē’û kīnu) شـــوانی باش، (sipa še-ga-bi) شـوانی گوێڕایەڵ. (Karlsson, 2020.p.8)، ( ⌈sa-ḫi-⌈lib⌉-bu rap-šú e-piš ṭa-ab-te ru⌉ dam-qa-a-te) بەخشـندەیەو کاری مرەبانانە ئەنجام ئەدات و چاکەکان ئەداتەوە ( Novotny and Joshua, 2018, p.49).

### ٣- ناسناوە سیاسی و سەربازیەکانی

( a-na-ku m⌈AN.ŠÁR-DÙ⌉-[A LUGAL] ⌈GAL LUGAL dan-nu⌉) واتە: من ئاشوربانیپاڵ، پاشای گەورە،پاشای بەهێز، ( LUGAL ŠÚ LUGAL ⌈KUR AN⌉.ŠÁR.⌈KI⌉ [LUGAL kib-rat LÍMMU] ⌈tim⌉) پاشای جیهان، پاشای ئاشور، پاشای چوارلا (جیهان)، ( ⌈ṣi-it⌉ lìb-bi [AŠ LUGAL KUR aš-šur.KI] (mAN.ŠÁR-⌈PAP⌉- نەوەی ئەســـەرحەدوون، پاشـــای ئاشـــور، ( GÌR.NÍTA KÁ.DINGIR. RA.KI [KUR EME.GI7 u URI.KI] ⌈LUGAL⌉) فەرمانڕەوایی بابل، پاشـــای زەویەکانی ســـۆمەر و ئەکەد،(ŠÀ.BAL.BAL md30-PAP.MEŠ-⌈SU⌉ [LUGAL ŠÚ LUGAL KUR aš- (šur.KI]) نەوەی ســنحاریب، پاشــای جیهــان، پــاشـــــای ئــاشـــور( Novotny and Joshua, 2018, p.82 )، (šakkanakki Bābili) فەرمانڕەوای بابل، (šar Bābili) پاشـــای بابل، ( šar kiššati) پاشـــای گەردوون، (šar mātāti) پاشـــای هەموو زەویەکان، ( šar šarrāni) پاشــای پاشــاکان، ( lā [šarru ša ina kullat] mātāti māḫiru

[īšû]) پـاشـــایەک کە هـاوشـــێوەی نیە لە تەواوی زەویەکان ( Karlsson, 2020.p.9,10)، ( bel Šarranimeš) گەورەی پاشاکان، (Šar kiššati) پاشای هەمووان، (ka-šidlu nakirmeš-šu) تێکشـکێنەری دوژمنەکانی، ( sa-pi-nu alanimeš) وێرانکەری شـارەکان(مەبەسـتی شـاری دوژمنەکانیەتی)، (e-piš ta- ab-ti) خاوەنی چاکەکان، ( mu-sa-az-nin-nu parakkimeš) ئەو کەســەی ســەردەکەوێتە ســەر تەختی فەرمانڕەوایی (الدوری،١٩٨٦، ص ٣٢)، ( ša ina amāt ilāni ultu tâmtim elīt adi tâmtim šaplīt ibēlu) ئەو کەسەی بە فەرمانی خوداکان فەرمانڕەوایی دەریای سەروو دەریای خواروو دەکات ( Karlsson, 2020.p.9).

ســـاڵەکانی کۆتایی فەرمانڕەوایی ئاشـــوربانیپاڵ هەندێک نادیاری لە تۆمارەکانی ڕۆژانەی پاشـادا هەیە لەوانەش لە دوای سـاڵی (٦٣٩)پ.ز نوسـینەوەی مێژووی ئاشـوربانیپاڵ (حولیات) پچڕپچڕ دەبێت لەوانەیە بەهۆی شـکسـتە سـەربازیاکانیەوە بووبێت، سـەبارەت بە مردنەکەی سـێ مێژوومان هەیە بە پێی دەقە مێخیەکان بەم شـیوەیە یەکەمیان ماوەی فەرمانڕەواییەکەی بە ٤٢ سـاڵ دیاری دەکات و بەپێی ئەو دەقە بێت ئاشـوربانیپاڵ لە سـاڵی ٦٢٧ پ.ز کۆچی دوایی کردووە، نوسـینی دووەم ئاماژە بەوە ئەکات ٣٦ سـاڵ فەرمانڕەوایی کردووە و لە سـاڵی ٦٣٣پ.ز مردووە، بە پێی کۆتا نوسراو لە ساڵی ٦٣١پ.ز کۆچی دوایی کردووە و ٣٨ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە. (الدوری،١٩٨٦، ص ١٣٧).

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. ئاشـــوریەکان یەکێکن لەو نەتەوانەی کە لە ناوچەکانی دورگەی عەرەبیەوە کۆچیانکرد بۆ باکوری میزۆپۆتامیا و لە دەوروبەری هەزارەی سـێیەمی پ.ز لەوێ لەگەڵ نەتەوە ڕەسـەنەکانی ناوچەکە تێکەڵ بوون و دەوڵەتی ئاشـوری کۆنیان دروستکرد.
2. دەوڵەتی ئاشوری نوێ لە سەدەی دەیەمی پ.ز دروست بوو، ئەم دەوڵەتە دابەش بووە بەسـەر دوو سـەردەمدا ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی ئاشـوری یەکەم کە لە (٩١١-٧٤٥)پ.ز خایاندووە، سـەردەمی ئیمپراتۆریەتی دووەمیش لە (٧٤٥-٦١٢) پ.ز بەردەوام بووە.
3. بنەماڵەی سـەرجۆنی کە لەلایەن سـەرجۆنی دووەمی ئاشـوریەوە دامەزرا یەکێک بوون لە بنەماڵە بەهێزەکان و پاشـاکانی ئەم بنەماڵەیە بە تایبەت ئەو چوار پاشاییەی کە لەم توێژینەوە باس کراون بەهێزترین پاشاکانی میزۆپۆتامیا بوون.لە سەردەمی ئەم چوار پاشایە دەسەڵاتی ئاشوریەکان هێندە فراون بوو کە لە باکورەوە بەشی بەشێکی وڵاتی حیسیەکان و لە باشورەوە هەریەک لە دەوڵەتەکانی دلمۆن و مەگان و میلوخای لەژێر دەسـتدا بووە، لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە فەرمـانڕەوایی تا نزیکی دەریای قەزوینی کردووە لە ڕۆژئاوا و باشـوری ڕۆژئاواوە دەسـەڵاتی گەیشـتۆتە وڵاتی مصر و حەبەشـە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت.
4. پاشـــا ئاشـــوریەکان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی هەندێک ناســـناوی ئاینی و کۆمەڵایەتـیەوە پـێگەی خـۆیان بەهـێزتـربـکەن تا لایەنـگیری خەڵـکی ناوچەداگیرکراوەکان بەدەسـت بهێنن بۆ نمونە ناسـناوی پاشـای ئاشـور و ئامورو بۆ ڕاکێشانی ئاموریەکان بووە تا دوژمنایەتییان نەکەن.
5. ئەم چوار پاشایە هەڵگری چەندین ناسناوی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون کە ڕەنگدانەوەی هێزو دەســەڵاتیان بووە، هەندێکیان نســناوی پاشاکانی پێش خۆیان بووە هەندێکیشیان ناسناوی نوێ بوون وەک پاشای وڵاتی عەرەب و پاشـای پاشـاکان و پاشـای دەریای سـەروو و دەریای خواروو.

## لیستی سەرچاوە کوردیەکان


ئەحمەد، کۆزاد محمد (٢٠٠٧)، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا، بنکەی ژین، سلێمانی.


### قائمة المراجع العربية


ا حمد، سامي سعيد (١٩٦٦)، "ساردانا بولوس بين الحقيقة والخيال"، مجلة الاديب، العدد.٢، لبنان.

اسماعيل، عارف احمد (٢٠٠٣)، دراسه فی التاريخ الشرق القديم (العراق وبلاد شام) ،المندى الجاميعي، صنعاء.

باقر، طه (٢٠٠٩)، مقدمه فی تاريخ الحضارات القديمه ، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار الورق، بيروت .

الدوری، رياض عبدالرحمن آمين (١٩٨٦)، آشور بانيبال ٦٦٩-٦٢٧ ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، متقدمة الى كلية الاداب-جامعة بغداد.

حبيب، طلب منعم (١٩٨٦)، سنحاريب سيرته و منجزاته، رسالة ماجستير غير منشورة، متقدمة الى كلية الاداب-جامعة بغداد.

رو ، جورج (١٩٨٤)، العراق القديم ، ترجمه: حسين علوان ،دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.

ساكز، هارى (١٩٧٩)، عظمّآ بابل موجز حضارة بلاد وادی الرافدين القديمة، ترجمة: عامر سليمان.

ساكز، هارى (١٩٩٩)، قوة آشور، ترجمة: عامر سليمان، المكتبة الوطنية،بغداد.

ساكز، هاری (٢٠١١)، عظمّآ اشور، ترجمة: خالد احمد عيسى و أحمد غسان سبانو ، الطبعة الاولى، دار ارسلان، دمشق.

السعدون، نسار سليمان (2010) بلاد الرافيدين وعيلام العلاقات الحضاريه فی التأريخ القديم ، الطبعة الاولى، دمشق.

سليمان ،عامر (٢٠١٠) العراق في التاريخ القديم - موجز التاريخ السياسي ، الطبعة الاولى، ابن اثير، موصل .

شريف، ابراهيم ( ١٩٦٠)، الموقع الجغرافی للعراق وأثره فی تاريخه العالم حتى الفتح الاسلامی، الجزء الاول ، بغداد.

عبدالحليم، نبيله محمد (1997)، معالم العصر التاريخی فی العراق القديم، السكندريه.

عبدالمجيد، وسيم رفعت (٢٠١٦)، سرجون الاشورى، دار الجواهرى، بغداد.

قاسم محمد (١٩٨٣)، سرجون الاشوری (٧٢١-٧٠٥) ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، متقدمة الى كلية الاداب-جامعة بغداد.

كانجک،ايفا وكير شباوم (٢٠٠٨)، تاريخ الاشوريين القديم، ترجمة، فاروق اسماعيل، الطبعة الاولى، دار الزمان، دمشق.

مورتكات، انطون (١٩٥٠)، تاريخ الشرق الادنى القديم، ترجمة: توفيق سليمان والاخرون، مكتبة المهتدين الاسلامية.


### Foreign references


A.,Ernest et all (1880), History of Esarhaddon (son of sennacherib) king of Assyria,b.c,681-668, London.

Ahmed, Kozad Mohamad (2012), The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis, Proefschrift ter VERKRIJGING van de Graad van Doctor aan de Universiteit Leiden, Op Gezag Van Rector Magnificus, Leiden.

Elayi, Josette (2018), Sennacherib, King of Assyria, Archaeology and biblical studies, number 24, SBL Press, Atlanta.

Elayi, Josette (2018), Sargon II, King of Assyria, Archaeology and biblical studies, number 22, SBL Press, Atlanta

Grayson, A. K. (1974-77), The Empire of Sargon of Akkad, AfO 25.

Grayson, A. Kirik and Jamie novotny(2014), The Royal Inscriptions of Sennacherib, king of Assyria (704–681 BC), part II, The Royal Inscriptions of the neo-Assyrian period, vol.II/III, United States of America.

Herodotus (1936), The History of Herodotus, vol.I, London.

Karlsson, Mattias (2020) Assyrian Royal Titulary in Babylonia, Hosted by the Cuneiform Digital Library Initiative.

Leichty, Erle (2011), The Royal Inscriptions of Esarhaddon, King of Assyria (680–669 BC), The Royal Inscriptions of the neo-Assyrian period, vol.IV, United States of America.

Maspero,G.(1900), The Passing of Empires, 850bc – 330bc, translated by M L McClure, Published by the Society for Promoting Christian Knowledge, London.

Novotny, Jamie(2006), Assurbanipal Inscriptions in the oriental institute, part II, State Archives of Assyria Bulletin, vol. xv, Journal article.

Novotny, Jamie and Joshua Jeffers (2018), The Royal Inscriptions of Ashurbanipal (668–631 BC), Aššur-etel-ilāni (630–627 BC),and Sîn-šarraiškun (626–612 BC), Kings of Assyria, Part 1, United States of America.

Olmstead,A.T.(1960), History of Assyria, London.

Sayce.A.H (1886-1901), Ivas Jareb the origina name of sargon?, Oriental philology - Periodicals, Oriental antiquities -- Periodicals, vol.II, No.I., London.

Smith, G (1871), History of Assurbanipal, London.